# قانع

(١٨٩٨-١٩٦٥ )

## هەڵبەستوانی ڕەنجدەران وهەژاران !

ڕەشاد – مستەفا سوڵتانی

خەزەڵوەری ساڵی ٢٠٢١ زاینی



کانی هەیە کە بە تەنهایی دەتوانی تینوێتی بێشەیەکی چڕ بشکێنێت . قانع کانیاوێکی هەزار نۆش و هەڵبەستوانێکی ڕیالیست و هەژار پارێز بوو. شیعرەکانی ناسک ، بێ خەوش ، ساکار،شیرین و بە پێزن . یەکەمین ماموستای زمانی زگماکی من بووە و لە ڕێگای دیوانەکانی ماموستا قانعەوە ،زمانی کوردی فێر بووم. ماموستا قانع تائاستێکی بەرز متمانەی پێم بەخشی و، من ئەو شانازییە بە خۆم ڕەوا دەبینم .

## ١- كۆماری کوردستان وهەڵویستی قانع :

قانع یەکێک لە شەخسیەتە سیاسیەکانی کوردستانە کە سەبارەت بە کۆماری کوردستان هزر و بیر و هەڵویستی پێشکەوتووی خۆی بەشێوە جۆراوجۆر وەک هاوکاری لە گەڵ گوڤاری کوردستان دەر بڕیوە و پشتیوانی لێکردووە و ،هەرگیز گیرودەی ڕێبازی دڵگیری سات و کات نەبووە و، خاوەنی ئێرادەی سیاسی، کەرامەتی بەرز ،شەهامەتی ئاوارتە بووە کە بیگومان هزر و بیری قانع مێژووی هەژاندووە.

قانع بۆ ماوەیەک لە دەڤەری چۆمی مەجید خانی بۆکان و نزیک شاری میاندووئاو لە گوندێکی کورد –تورک نشین بەناوی"کەلب ڕەزا خان" وەک ماموستای مەدرەسە ئیشی کردووە . ڕەزا خان ناوی مالک وفیئودالی گوندەکە بووە . لەو ماوەدا هاوکاری فرە نزیکی لە گەڵ کۆماری مەهاباد و ماسمێدیا وبڵاڤوکەکانی ئەو دەورانە هەبووە . لە هۆنراوەی" دیتنی ئاڵا" نمونەی دڵۆڤانی و هەستی ناسکی بۆ کۆماری کورت تەمەنی مەهاباد نیشان دەدات . لە دەورانی کۆماری کوردستان لە ژانویە تا دیسامبری ١٩٤٦ زاینی لە ئیدارەی فەرهەنگی مەهابادکاری کردووە .

سەباەت بە یەکگرتنی ئامرێکا و وڵاتانی ناوچەکە لە پەیمان نامە و ڕێکەوتنی " سەعد ئاباد " ١٩٣٧ زاینی هەڵویستی بوێرانە ی بووە. پەیامەکانی ئەم هەڵبەستوانە زیدە خۆشەویستە لە قوڵایی دڵی ڕەنجدەران و هەژارانی کوردستان ئاژین بووە و هەڵبەستوانانی تر کەمتر لە ئاستی قانع توانیویانە بە زمانی ساکاری شارۆمەندان شیعر بڵێن، تا ئامانجی سیاسی و ڕاسپاردەی خۆیان بەخێرایی بۆ مێشک و زەینی شارۆمەندان بگوازنەوە . زۆربەی شاعیران بە زمانی خوێندەوارانی کوردستان هەڵبەستیان گوتوە ، کە تێگەیشتن لە دیسکۆرس و پەیامەکانیان بۆ ڕەنجدەرانی کورد فرە ئاسان نەبووە . ئەگەرچی لە گەورەیی و پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم شاعیرانە هەرگیزا و هەرگیز کەم ناکاتەوە. ئیستاش بۆ من پرسیارە بۆچی هەڵبەستوانی یاساشکێن ، داهێنەر ،سەرکەوتوو و ڕچە شکێنی بواری شیعری نوێ ماموستا گۆران سەبارەت بە کۆماری کوردستان سکوتی کردووە ؟ ئایا کارتێکەری پارتی شیوعی رووسیای لەسەر بووە ؟ ئایا ئایدولۆژیای ژوزیف ستالین مێشکی بیرمەندانی کلیل و کڵۆم دابوو؟

شارۆمەندانی ڕووسیا بۆ سوسیالیزم و دیموکراسی فیداکاری ڕیزپەڕ و بێ وێنەیان کرد و لەو پڕۆسەیەدا سەرنەکەوتن و، تەجرونە و ئەزمونەکانیان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆ پەککەوتە و لە کاروانی مێژوو بەجێ ماوە. بۆچی سیاسەت و پلاتفورمی حیزبی کومونیستی ڕووسیا لە سەر چۆڕاوەی هزر و بیری بەڕێزان : زەبیحی ، پیرە

مێرد ،قزلجی، هەژار ،ئیبرایم ئەحمەد و هێمن  کارتێکەری نەبووە؟ پیرە مێرد بەخاتری ڕمان و هەرەس هێنانی کۆماری مەهاباد بە ناوی خوازراوی (دیوانە ) و بە ناوی ناهومیدی شیعرێکی هۆنیوەتەوە ، هاوکات جەناب ئیبراهیم ئەحمەدیش بەخاتری خەیانەت و پیلانی دوژمن و ڕووسیا بە کۆماری یازدە مانگەی مەهاباد لە ژێر ناوی ( یاران ) شیعرێکی هۆنیوەتەوە و  هەڵبەستەکەی پیرە مێرد و ئیبراهیم ئەحمەد لە گۆڤاری گەلاوێژ چاپ و بڵاو بوەتەوە . دیوانەکانی قانع لە دەڤەری موکریان ، لە ئاستی بەرهەمەکانی بەڕێزان : هێمن و هەژار بڵاو نەبوەتەوە . خۆزگە  لە کۆنەوە ناوەندێکی ڕۆژنامەوانی هەبوایە و بە شێوەی یەکسان دیوانی شاعیرەکانی لە هەموو کوردستان بڵاو دەکردەوە . تا شارۆمەندانی کورد ڕووناکبیران و شاعیرانی نەتەوەی کوردیان باشتر ناسیبا . و دیالکتەکانی زمانی کوردی  کە گەنجینەی مەزنی زمانن لە یەک نزیکتر دەکردەوە .

## ٢-بواری میتافۆر،ئێرۆنی، ساتیرو تەنز :



قانع لەم بوارەدا ، هەروەک نووسەرانی بەناو بانگی جێهان : ڕووسیا (سالتیکۆف شچدرین وگوگول )، فەرنسا ( ئیستیفان شاربونیە و ئاناتول فرانس) ، ئیران ( سەمەد بیهرەنگی ، عوبید زاکانی،جەلال ئال ئەحمەد، پەرویزی سەیاد ،سادیق هیدایەت ،ئیرەج میرزا ) تورکیا ( عەزیز نسین) ئامریکا ( مارک تواین و سنت مک فارلین )، جیهانی عەرەب ( خەلیل جبران و فادوا توقان ) ،ئالمان ( فردیش شیلر و گونتر کونرت ) لە هەندی هونڕاوەی بە تەوس و ساتیروە لە گەڵ خوێنەرانی قسەی کردووە . ساتیر و ئێرۆنی چەکێکی بەهێزی بەرخودانە. خامەکەی قانع لە خزمەت گەشەی کۆمەلگا و مرۆڤایەتیدا دەوری بینیوە و سیمای ناشیرین و نا دلۆڤانی نوێنەرەکانی دەسەڵات و چینی ستەمکاری ئاشکرا کردووە و پەردەی لە سەر هەڵماڵیون . قانع بەدڵێکی تەژی لە فڕین سنووری تاریکیەکانی سەرکەوتوانە بڕیوە . ئەگەر چی دوو وڵاتی داکیرکاری کوردستان یانی- عێراق و ئێران- دیوارە تەنراوەکانی سانسوریان کە لێو ڕێژ لە کێشە پڕ ئیشەکان بووە ، بە سەردا سەپاندووە، بەڵام قانع دڵی خوینەرانی عەدالەت خوازی گوڵاو پڕژین کردووە و، چۆن ڕێبوار لە تەنکاو و سوار بۆ بوار دەگەڕین ، قانعیش لە هەر دەرفەت و مەجالێک بە چەکی دڕکاوی ساتیر و ئێرۆنی * لە گەڵ بێ عەدالەتی و ستەم بەرخودانی کردووە و لە نووکی خامەکەی گەوهەر باریوە . قانع باوڕی وابوو ،دەردێک کە مرۆڤ ناچار بەسکوت دەکات ، زۆر قورس تر و سامناک تر لە دەردێکە کە مرۆڤ ناچار بە هاوار دەکات . هۆنراوەکانی کۆچی دوایی ... ئاغا و لادێی و بزن فرۆشتن و هەڵبژاردن چەشنیک ساتیری گرانبەهای ئەدەبین . تەنز و ساتیر هەمیشە شیرین و شادی هێنەر نین ، هەندی جار تاڵ ، تفت و لە کەکرە دەچن و تاڵ ترن. لە نێوان تەنز ، ئێرۆنی تراژیک ، ساتیر ، لەتیفە، بەزلە، مەڵحەکە و مەسخەرە سنووری نەبینراو و هەستیاری ئەدەبی هەیە. مەسخەرە ، هەجو، مەزحەکە ،تیر و توانج، تەوس و لەتیفە شێوەکانی دەربڕینی ساتیرو تەنزن . قانع چڵە پۆپەی ئێرۆنی و ساتیری لە شیعری ماڵ بەش کردن لە گەڵ براکەم ، بەکار هێناوە و شاکارە تەنزێکی لە شێوازی دەر بڕینی بێ عەدالەتی هۆنیوەتەوە.

لە دەرگای حەوشە تا وەکو سەربان – دابنێ بۆمن سەرپاک هۆدەکان

ئەمما لەسەربان هەتا ئاسمان - هەمووی بۆ تۆ بێ ، بێ کەسری و نوقسان .

لە هۆنراوەی شاخی هەورامان ، لە ساتیرێکی ناسکدا بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو هەرێمە شی دەکاتەوە ،

جێ کشت و کاڵم تا بڵێ کەمە - بەڵام پرچ و ڕیش تابڵێ هەمە

لە هاڵ و شەوە و خێوی سەرکانی – جنۆکەی زل زل ، دێوی شەیتانی

مەکتەبێک نە بوو ! ئەمانە لابات – زانینی ڕاستی تێدا پەیدا کات

ئەگەر لە ناو من ، لابەی نەزانین - ئەبم بە بەهەشت سەراسەر زەمین .

Tragic Irony -Satir ´- Ironi

## ٣-روانگەی نێو نەتەویی و عەدالەتخوازی:

یەکێک لە شاکارە جوانەکانی قانع کە لە وەنەوشەی نێو پەرژین و دەنکی هەنار و ئاسکی چاو مەست دەچێت لە شیعری" قەڵاچوی دوژمن " دەری بڕێوە ونواندویەتی .

با، هەموو جووتیار وپاڵە و ڕەنجبەران – یەک گرن ، تادەبنە هێز و پشتیوان

هەڵگرن یەکسەر دروشمی هاوبەشی – بی جیاوازی لە سەر ڕەمز و نیشان

هەڵگرن پاچ و چەک و بێڵ و قەڵەم – هەر لە رۆشنبیر هەتا شوان و سەپان

هەڵتەکێنن ئەم نیزامە بۆگەنە - دابرێژن کۆشکی یەکسانی ژیان

تێکی بشکێنن وزەو ئامانجی بەگ – تەفرو تون کەن ، ڕیشە کێش کەن، میر و خان

کاکی کۆلاک دەس لە گەردن هەڵ بەسێ – تا بڵێن ها ! یەکێتی دەستی شکان

ئەرز و ئاو بۆ چینی جووتیاری هەژار – بەرهەمی نۆش کا ، وەکو نۆشی گیان

ئێوە شۆڕشگێڕ بن ، پێشرەوتان هەیە – یەکێتی چەن کۆشکی شاهانەی ڕمان

کۆمەڵی سۆشیالیزم بنیات بنێن - تا وەکو ببنە نموونە بۆ جیهان

کۆمەڵێک بن ، پڕ لە بڕواو یەکێتی – ئاگرێک بن بۆ گیانی زاڵمان

نۆکەر و سەرمایەداری چاوچنۆک - شار بەدەر کەن ، دەربەدەرکەن ، بێ وچان

ئەو کەسەی خوێنی ئەنۆشین وەک شەراب – سەر نیگون کەن بیکەنە پەندی زەمان

قەت لە باروت و گوللە و شەستیرو خۆێن - سڵ نەکەن، تا ئەچنە هەوارگەی گەلان

ئێوە بنچینە و بناغەی کۆمەڵن - نەزری شانی ئێوەیە ، ئەرکی ژیان

تێ خرۆشێن ،تێ بکۆشێن ، کۆڵ نەدەن - تا ،بە زۆر بی هێننە دەس مافی ڕەوان

نوکی پاچ و ،بیری ورد و ،هێزی لەش – ببنە بورکانێک لە گیانی دوژمنان

ڕێکی خەن ، یاسا و نیزامی هاوبەشی - با، بڕۆخێ شاه و تەختی خائینان

بەگلەر و ،سەرمایەدار و ، خان و میر - پەت بکەن ، ڕایان بکێشن بۆ نەمان

ئەو حەلەی کاتێ ولات ڕزگاری بوو - پیاو و ژن ، پیر و جوانتان، شان بەشان

هەوڵ بدەن بۆ ئاوەدانی و مەعریفەت - تا کو بێنە ڕیزی پێشکەوتووی جیهان

ئەو دەمەش ، ڕۆڵەی "پرۆلیتار" ی کورد – دەبنە ڕابەر، بۆ ولاتی کوردستان

کاشکێ یاسایەکی تازەم ئەدی - پڕ لە سوود بێ بۆ گەل و بۆ نیشتمان

چارەنووست خۆت ئەبێ دیاری بکەی - نەک تەمایەر بی کە بۆت کەن هەندەران

قانعا ، سا تۆش لە گەڵ لاوانی کورد – ڕوو کەنە مەیدان وەکو شێری ژیان !

## ٤-ژیر بێژی وشەپۆلی نوێخوازی :

قانع بارودۆخی خوێندن لە حوجرەکانی کوردستانی زۆر بە دڵ نەبوو و لە پێڤاژەی زەماندا ، بەپێچەوانە مەسیر وجولانی ڕووبار ، برِیاری یەکجاری دا و قەد ئارەزوومەندی ئیشی " مەلایی " نەبوو. قانع خۆی هەڵۆ گیر و گیرۆدەی سیستمی کۆن و کلاسیک نەکرد . بۆیە بەخاتری خاتران و بۆ دابین کردنی بژیوی ژیان ، تەقریبەن هەموونیشەکانی سەردەمی قۆناغی کۆمەڵگای تاقی کردەوە و لە زۆر بواردا وەک ڕەنجدەرێک کاری کرد. ماوەی زۆر تر لە دوازدەسال ئاشەوان بوو . لە درەختەکانی کۆمەڵگا و هەر باخێک کە میوەکانی تام و بۆنی خۆشی هەبووە ، ڕنیویە و شارۆی کردووە . وەک نوێخوازێکی مرۆڤدۆست دیاردەکانی هاڵ ، شەوە ، خێو و جنۆکەی بە دەسکردی نەزانین و بیری بەردئاسای وشکە بڕواکان زانیوە و فرە خێرا ئەو باوڕە داڕزیو، کۆنباو، تەسک بوار وکات بەسەر چوانەی جێهێشتوە . و شەپۆلی تازەگەری و نوێخوازی باو کردووە . ڕەوتی بیری سیاسی قانع هەڵکشان و داکشانی زۆری بینیوە ،لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەم لایەنگری لە ئاین و ئاین زاکان کردووە . پاش شۆرشی ئوکتوبری ١٩١٧ زاینی کە بولشڤیکەکان هیژمونی سیاسی ڕووسیایان بە دەستەوە گرت ، وەرچەرخانێک لە بنەمافیکریەکان قانع پێک هات . بیر کردنەوەیەکی نوێ لە کردار و ژیانی قانع دەستی پێکرد. هەلویستەکانی دژی کولۆنیالیزم ودەورانی فیئودالی بوو و،بەئاشکرا لە سیستەمی سوسیالیزم پشتیوانی کرد. بۆ چارەسەر کردنی ئاریشە وکێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان سوسیالیزمی وەک بەدیل و ئالترناتیڤ ناساندوە وبە چاکی زانیوە . لە بنەما فیکری و هەڵویستەکانی قانع ، تەنیا ڕێگای ڕزگاری لە کۆت و بەندی کولونیالیزم و

کۆمەڵگای فیئودالیزم" سوسیالیزم" بووە . کاتێک کە تاریکی لە شەوەزەنگ ئاڵابوو لە لایەن حکومەتی توتالیتری شای ئێرانەوە ولە قەسری ئیستبدادی ڕۆژهەڵاتی * قەجەری تاران لەساڵی ١٩٦٣ زاینی زیندان کراوە وقانع بەشەهامەتەوە ڕمز شکێنی ، کود شکێنی و تابوو شکێنی دەکات و، چڵە پۆپەی متمانە و باوەڕ و ئێرادەی سیاسی وەک مرۆڤێکی ئەسیر و بوێرانە بە گژ دوژمنانی کورد دەچێتەوە . شیعری " لە بەندیخانەدا "کە فرە ناسکە و خەیاڵ تێدا دەفڕێ دەهۆنێتەوە . لەو کاتانە دەرەوەی زیندانی قەسری قەجەر تاریکستانێک بوو، کە بزە و شادی لە سەر لێو تۆرابوو وتاریکی تەور نەیدەبڕی . شەوەزەنگ و دیکتاتوری پەرژێنێک بوون کە بە چوار دەوری باخی ئازادی و دیموکراسیدا کێشرابوو ، ئەم هۆنراوە قەشەنگە لە زاری شەکر باری قانع هاتوتەدەر و، شاکاری هونەریە . قانع لەشی لە زیندان بووە ، ئەمما لە بەندیخانەی هزریدا خۆی بەند نە کردووە . قانع لە ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٦١ زاینی لە عێراق و ئێران زیندانی بووە . ڕاسپاردەی ئەم شیعرە ئەوەیە کە لاوان گەش بین بن و لە بەرانبەر تەگەرە و کۆسپەکانی داگیرکاران و کولۆنیخوازان سڵ نەکەن . لەم شیعرەدا هزر و بیری قانع سنوور شکێن و ڕیسا بەزینە و ڕەنگە ئەم بوێریە لە هیمەتی بەرز و خاکەڕایی قانعەوە بنەوانی هەڵگرتبێت .

بیری ئازادیم لە زیندانا فراوان تر ئەبێ،
قوڕبەسەرئەو دوژمنە ، هیوای بە بەندیخانەیە !

گەر بە ئازادی نەژیم ، مردن خەڵاتە بۆ لەشم ،

نۆکەری و سەر دانەواندن ، کاری نامەردانەیە !

( قانعم ) ئەمڕۆ لە زیندانا ، بەئازادی دەژیم ،

سەد هەزار لەحنەت لە وەی وا نۆکەری بێگانەیە !

***

لەدەس قانونی پیسی میر و ئاغا - لە هەر لا بم ، بەدەس زۆڵم ۆ ئەناڵم ،

حەقی جوتیار و پاڵە و ڕەنجبەرانم - حەقی چەوساننەوەی خۆم و مناڵم،

چ خۆشە هێزی ڕەنجبەر ڕا بماڵی - قەڵا و زیندانی ئاغای بەد فەساڵم .

لە بوارو پێڤاژەی دەنگ دان ولە هونراوەی هەڵبژاردن ، وەسفێکی نایابی سەبارەت بە سیستمە گەندەڵەکان و پێ شێلکردنی دیموکراسی باس دەکات .

نوێنەری شەرعی لە کونجی بەندیخانە توندکران
تاقمێکی هەرچی پەرچی ، دوژمنی گەل دانران

با بڕۆخی ئەم نیزامە بۆگەنە فاشیستی یە

پشتیوانی گەل برایەتی و ، یەکێتی و سەربەستی یە !

بۆچی کوفرە کوردی نووسینت – باسی باپیر و حوکمی دێرینت

شاپەرەستی بنێرە ژێر پێڵاو – دەک بە لەحنەت بێ شا و تەختی گڵاو !

*Oriental despotism

## ٥- تان و پۆی چینایەتی و ستەمی تۆخی نەتەوایەتی :

قانع بە ڕاشکاوی کۆمەڵگای کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی چینایەتی و بەپێوەرە ڕیالیستیەکان هەڵدەسەنگێنێت . بەشەهامەتەوە ئەو توێژ و گوروپانە کە کۆسپ و تەنگەژە بۆ کۆمەڵگا دەخولقێنن ، دەداتە بەر چەکی ڕخنە و پەردە لە ئاکار و هەڵویستی کۆن ، کلاسیک و دوواکەتوویان لا دەبا . دیسکورس و پەیامەکانی بۆ کۆلکە خوێندەورار و ئەو کەسانە نیە کە کەللەی سەریان لەباتی مێشک ، پڕە لە ئاسنەواڵە . ڕەخنەکانی هەمیشە سازینەر بووە و ڕووخێنەر نەبووە . بیگومان خوێندەواری بێ هەڵویست لە واقیعدا زڕە درەختی بێ بەرە و هیچ ڕیشێک بۆ سەرکەوتن پلەکان و قالدرمە نیە. هۆنراوەکانی قانع لە کاتێکدا گوتراون کە تاریکی بەردەوام لە هێرش کردندا بووە . لە شیعری" چوار چوار " ڕاستەوخۆ ئاماژە بە دەسەڵاتدارانی کۆمەلگا یانی: خان ، سەردار، بەگزادە و ئاغا کردووە و ڕاسپاردە و پەیامەکەی لە شیوازی باڵندەی باز باس دەکات کە شانمونەی هەڵویستی قانع بووە.

مەنعی پێشکەوتن ئەکەن ، لەم خاکمانە چوار گرۆ،

خان یەک ، سەردار دوو ، بەگزادە سێ ، ئاغا چوار !

( باز ) بووم باڵی شکانم ، چوار بەڵای نەحسی خراپ،

خانەقا یەک ، تەکییە دوو ، عەممامە سێ ، عابا چوار !

***

بێ قەزا بێ ، مامەسۆفی ... تابێ ڕیش پان ئەکا

قل بە فل حالّی بووە ، چی ئیدیعای ویژدان دەکا .

وا دراوسێ کەشفی مانگ و رۆژ ئەکەن ، ئێمەش شوکور

کاکە دەرویش وا خەریکە ، کەشفی دۆڵەی نان ئەکا ،

هەڵکەوتەی جیوگرافیایی،بەئاشکرا ئاین و ئاین زاکان بۆ شارۆمەند دیاری دەکەن ، لە چ جێگایەک لە دایک بووی ، ئەو شوینە ئائینت بۆ دیاری وتەرخان دەکات .

لە هۆنراوەکانی چەکی یەکێتی ،تۆڵە سەندن ،هەژاری،خۆمان یەک خەین ،چۆن نەگریم ،خۆت بناسە،لە گەل شاخی هەورامان ، هەڵبژاردن ، کۆتری ئاشتی ، ڕیشی پان ، ماڵ بەش کردن لە گەڵ براکەم و شیوەنی نیشتمان نمونەگەلێکن کە قانع چاوەدێری بە توانای بواری کۆمەڵناسی بووە . لە هۆنراوەی ڕیشی پان دوو ڕێبازی سۆفیگەری و دەرویشی ، وەک کۆسپ ولەمپەر لە پێڤاژەی گەشەی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن باس کردووە هەڵسەنگاندووە و بەشێوەی زانستیانە خیتاب بە شارۆمەندان پەیام دەردەبڕی و جەماوەر و شارۆمەندان ڕاستەوخۆ هان دەدات کە لە ئەندیشەی و هەڵویستی کات بە سەرچوی کۆلکە مەلاکان و دوو ڕێبازی سۆفیگەری و دەرویشی دووری بگرن. لەڕاستیدا وشکە سۆفی و دەرویشی پرچاوی و وشکەڕۆ و توند ئاژوکانی مەزهەبی، شوێنی نەزانین کەوتوون و ڕەوا بە نارەوا دادەپۆشن وبە خۆیشیان نازانن . دیاردەی دیماگۆژی *( فریودانی کاڵ فامان ) کارتێکەری نیگەتیڤی لە ئاستێکی بەرز لەسەر ڕەوتی گەشەی کۆمەڵگای کوردەواری داناوە . ئاین و ئاین زاکان لە ڕاستیدا ، پەیوەندی شەخسی نێوان تاکی مرۆڤ و کردگار و یەزدانە . ئاین و ئاین زاکان ئێستا لە بواری ڕەوتی سیاسی کەوتون و، بە لای باری نازانستی و نالۆژیک وەرسوڕاون و بوون بە جندرمە و پۆلیس و سانسورچی بیر جیاوازەکانی ئەم سەردەمە . لەم بارودۆخەدا لە سەر هەڵویست و ڕوانگە و باوەڕی خەڵک ،شۆڤاری و سیخۆڕی دەکەن . قانع بە ڕاشکاوی بە خوێنەر دەڵێت : وەک هەڵۆی تیژ پەڕ بفڕە و لە گەڵ عاشقانی ڕێگای ڕاستیدا، ڕوو بکەرە عێلم و زانست . ئایا ئەوانەی دژایەتی هەڵویستەکان قانع دەکەن بیرمەند ، زانا ، تێگەیشتوون و ڕەخنەکانیان لە جێگای شیاوی خۆیاندا گوتراون ؟

پرچ و بەرماڵ و سیواک و ڕیش و کەشکۆڵ و عەبا

بۆ سواڵن، کەی ئەمە ئەسبابی ژین و حورمەتە .

Demagogy *

## ٦-پەیوەندی وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان:

قانع لە بواری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان تۆڕێکی بەربڵاوی تەنیبووەوە ، کە ئەم تۆڕە سنوورەکانی دەسکردیشی تیپەڕاندبوو . لە باشوری و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێو دەریای جەماوەردا ، دەژیا . قانع بیری نۆی خۆاز کە چەقۆ وتیغی سانسوریش هەموو چوڕاوە فیکریەکانی سەردەمی و هزری نویٚ دادەپاچی و ئاسەواری نەدەهێشت بڵاو دەکردەوە . لە پیران و بەساڵاچوانی بنەماڵەم بیستوە کە شیعرە دەس نوسەکانی ، لە کۆڕو کۆمەلی ئاسایی بە بیسەران دەگەیاند. و یا لە گەڵ دۆستان و ئاشنایان بە نامە پەیوەندی دەگرت و شیعرەکانی بڵاو دەکردەوە . چەند نامەی بۆ مامەکانم و باوکم نوسیوە ، کە گوزەری زەمان و سانسور و دەزگای تۆقێنەری ساواک *، ئاسەواری نەهێشتن و بە هەزار چەرمەسەریٚ یەک دانە لەو نامانە خەزانی پاییزیش نەیفەوتاند. قانع جار و بارهات و چوی ئاوایی " ئاڵمانە " ی دەکرد . لە گەڵ مامەکانم و باوکم( حەمە عەلی بەگ ، حەمەشەریف بەگ و حەمە ڕەشید بەگ "پاش ناو هەموویان مستەفاسولْتانی " ) ئاڵ و گۆڕی نامە ، دیدار و چاوپێکەوتنیان هە بووە. یەکێک لەو نامانە بە هیمەتی براگەوەرە و ڕێزدار جەناب کاک سەعید کەئارشیوی بنەماڵەی وەک گلینەی چاو پاراستوە لە مەریوانەوە بۆ منی ڕەوانە کرد . ئەم نامەیە بە خەتی خودی قانع کە لە گوندی " نی" ژیاوە نوسراوە و بەخاتر نرخی مێژوویی لەم وتارەدا، دانراوە . ڕێکەوتی نوسینی نامەکە پێدەچێت ساڵی ١٩٤٢ زاینی بووبێت ، چونکوو ناوی جەناب حەمە عەلی بەگی نوسیوە کەلە زیندان ئازاد بووە و هیشتا کۆچی نەکردووە . نامەکەی قانعی پایەبەرز و ڕێزدار، دیکۆمینت و سەندێکی ئاوارتە ،مێژوویی و گرانبەهایە . کاتێک بە بیرخانەی مێشکمدا دەچمەوە و قانع تەشرفیان بۆ گوندی ئاڵمانە دەهێنا ، سیما و گفتوگۆ و هەڵسوکەوتەکانی وەک بیرەوەری دەورانی منداڵی هەر لە بیرمە. لە کاتی کیٚ برکیٚ کە بە ئامێری شیعر خویندنەوە دیاری دەکرا ،ئەو کەسانەی لێهاتوو تر و لە بواری شیعردا بەدەسەڵات تر بوو بۆ (موشاعیرە ) ئامادە دە بون . قانع لە بواری موشاعیرە لە گەڵ فەقێکان و خوێندەوارانی ئاڵمانە وەک کەسایەتی سەربەخۆ بەشداری دەکرد . گەنجەکان زۆر فیزیان دەکرد و لووت بەرزیان نیشان دەدا و، جار و بار توانای بەرخودانیان هە بوو ،بەڵام قانع لە هۆنینەوەی شیعر کە بە پیتی ( ژیٚ ) دەس پێبکا ، و لە دیوانی شاعیرەکانی کورد زۆر کەمە، فرە شارەزا بوو و هەموویانی دەبەزاند و شکست دەدا. بەیتێک لەو شیعرانە کە قانع لە گوندی ئاڵمانە ولەو بوارەدا،بە زمانی هەورامی فەرمووی ئاوا بوو :

ژنێن  ژاوەڕۆ ، ژریژە و ژیوار  --  شیعرت  پەی ماچوو ، کەروت گرفتار !*

*قانع لەم نامەیەدا ، کە بەزۆری بە زمانی فارسی و لە هەندێک شوێن وشە و دێڕی کوردی نوسیوە، لە هەڵویستی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەسەڵاتدارانی ناوچە ناڕازی بووە و، لەم نامەیەدا ناویانی نوسیوە. بەخاتر ڕێز گرتن لە ستاتوسی مەزنی قانع ، ناوەکانیان بەشێوەیەک داپۆشرا کە  دیار نین .
نامەکە خیتاب بە سێ کوڕی حاج فەرەج الله بەگی ئاڵمانە  بە ناوەکانی : حەمە عەلی بەگ (وێنەی ١)، حەمەشەریف بەگ( وێنەی ٢) و حەمەڕەشید بەگ( وێنەی ٣ ) وەک دۆستانی نزیکی خۆی کە  لە نامەکەدا عینوانی " کوردخواە " ی بۆ هەڵبژاردوون، نوسراوە .


(١)


(٢)


( ٣)

یا پاکان درگاه ایزدی

حضور سروران و ولی نعمتان بزرگواران دانشمندان آقایان علی بیگ و محمد شریف بیگ و
محمد رشید بیگ اولاً با زبان خشک و شکم گرسنه یادآور خیر و دعاخوانم از بنده سوآل
بفرمایید اول بهار وظیفه که داشتم از سر را پور ها رعدیده که
از بنده میداد قطع شد و معاشم در گور رفت حالا خیلی بزحمت
میگذرانم زیرا هرچه داشتم بیک جفت گاو دادم که پیرانه این عمر خودرا در
هو هو و بربر صرف نمایم دیگر از خدمت کوردها توبه چنانچه خودم
نوشتم گروهی وکر و گاب تمدن وان له کوردستان اگر وحشی بیم
بو خوم له ایشی وحشیانم چی حالیه دور از حضور حضرات عالی مقامها سر سال
عمر عزیز از ارج و مرج صرف کردم ۱۵ بگذار بماند بلا قافیه هیچ تخم ندارم
تخم گندم محمد رشید خان بانه برایم فرستاده لاکن جو از سرکاران میخواهیم
چون نه پول و نه سطلای ندارم غیر از شعر نباشد آنهم از ریش زاهدان

به قیمت تر و از علامه علما به رواج ترتیب حالا میبینم که بزرگواران
سه نفر ولی نعمت و کور دخو اهند بهر سه یکبار جو برای تخم که تا سال دیگر
از پناه احمد و محمود نجات بابم برایم ارسال فرمایند ار که یان چه میشود
اگر سه روز او لاغ ٤ تیان جو کمتر بخورد و کار اینجانب نیز درست
شود هر وقت پول داشتم برا تیان میفرستم که خودم میدانم

ارئیس عشایر باشد پول نه رز پلاوی خانقاه معدوم الجسم

ترتیب دیگر بسته بغیرت و گاو ٤ یم را

احالیه اگر از بی تخمی معطل

نشوند حقیقت

دیگر بسته بغیرت تیب

فلاح بی تخم قانع نی

محمد رضا بگ ندارد والا زحمت نمیدادم

## ٧-کولتوری باو،پێگه و ستاتوسی کچان وژنان :

کارل مارکس دەڵێت : دین دەرمانی سڕکەری شارۆمەندانە .

لە شیعری ژیانی کچ ،قانع ئاوا پێگەی کۆمەلاەتی کەنیشکەکان باس دەکات :

کە لەدایک بوو، ئاهەنگی نیە - ئەڵێن : ئای کچە . فایدەی چێە ؟

بۆ ئیشی ناو ماڵ ، بۆ هاتوچوی دەر – ئەمیش پێویستە لە جێی کارەکەر .

نابێ نان بخوا تا هەموو خێزان – ئەچێتە دواوە لە سەر سفرەی نان .

بۆچی کۆمەڵی حیمایەی حەیوان - ناپرسن لە حاڵ ژیانی کچان ؟

ئەر ئینسانیش نین ، مەعلووم حەیوانین – بۆچی بێ خەمخۆر، لە ڕووی جیهانین ؟!

لە ئاینی یارسان ، کچ و کوڕ و ژن و پیاو یەکسانن و یارسانیەکان بەشێوەیەک لە دیموکراسی ڕێزیان گرتوە . لە ئاینی زەڕدەشتیدا ، کاتی مارە بڕینی کچان وا بووە هەوەڵ لە کچەکە پرسیار کراوە ، ئایا ئەم پیاوەت وەک مێردی خۆت بە دڵە و پەسەندی دەکەیت ؟ لە ڕوانگە و دیدی کورت بینانەی کۆمەڵگای چینایەتی و فیئودالی ، ژنان لە کورەی دۆزخی پیاوسالاری و لە هەموو مافێک بێ بەش و مەحروومن . هەڵویست ، لێکدانەوە و تۆژینەوەی بارو دۆخی نالە بار و دیموگرافی ژنان لەشار و دێهات و کۆمەڵگای پیاوسالار و چینایەتی کوردستان ، بوارێک لە ڕووباری سووری بێ بوار بووە کەقانع لێبڕاوانە و شارەزایانە لە شیعرەکانی باسیان دەکات . قانع بە ئیما و ئیشارە و بەسرکە سرک پەیامەکانی خۆی بانگەواز ناکات . قانع لە هۆنراوەکانی ناڕاستەوخۆ و لە هەڵویستەکانی لە بزووتنەوەی فیمینیزم * ئەگەرچی ئەوکاتانە نەزانراوە و باو نەبووە و کۆمەڵگا لە ڕەوەندی تۆخی پیاوسالاریدا بووە ، پشتیوانی دەکات . بزوتنەوەی فیمینیزم کە بەرابەری خوازی کۆمەلایەتی ، سیاسی و ئابوری ژنان بە شێوەیەک داوا دەکات ، کە ئەو بەرابەری خوازیە ڕێک لە ئاستی پیاواندا بێت . ئیستاش لە کۆمەلگای کوردەواری فیمینیزم کرچ و کاڵ ، کز و لاوازە و یا زۆر بە کەمی هەیە . قانع بڕوای بە خەمخوری ڕواڵەتی داگیرکار نەبوو و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پلاتفورمی دوژمن دەردمان ، دەرمان ناکات . و زڕە ڕووناک بیر ونووسەرانی شوینیست، زمان لووسانی زمان لە هەسان دراو لە بارەگای شا و مەلیک زێڕ و زێویان لە سەر یەک نا و تالاو و ژە هراو وەک کەکرە بە قەڵمیان دێتە خوارەوە و، ڕاستەوخۆ مافی گەلی کورد وخوێندی بە زمانی کوردی حاشا دەکەن . ڕەنگە درۆ نەبێت کە قانع

یەکێک لەو ڕووناکبیرە هەرەتێگەیشتوەکانی کوردستتانە کە قەدر و پێگەی کۆمەڵایەتی و ستاتوس و ڕەنجی نە پێوراوی ژنانی کوردستانی بە ڕاشکاوی باس کردووە . ئاستی ناعەدالەتی ، داب و نەریتی فیئودالی ، یاسا و رێساکانی کلاسیک ، پڕتووکاو و داڕزیوی ئاین و ئاین زاکان ،کە کۆسپی سەرەکی و لەمپەر و زەنجیری قورسی کۆمەلگان و بەڕاشکاوی ژنانیان لە کەمەند خستوە و مافی ژنانیان بە ئاشکرا و نهێنی لە ژێر پێ ناوە ،لە شیعرەکانی قانع باس کراوە .قانع دژی بیر و ئەندیشە ژاراوی پیاوسالاریە . یای( خاتون ) ئولمپ دووگۆژ ،کە لە ژنانی شۆڕشگێڕی فەرانسا بووە "بەیانناماەی مافی ژنان " ی نوسیوە ، کە بەتاوانی ئازادیخوازی و پشتیوانی لە مافی ژنان لە ساڵی ١٧٩٣ زاینی ملیان بە تیغی گیوتین سپارد و کوژرا .

یاساکان ونوسراوەکان لە لایەن پیاوانەوە نوسراون کە سەرجەم دژی مافی کچان و ژنانی جیهانە . لە کۆمەلگای دواکەوتوو چارەنووس و سەربەستی ژنان لە لایەن پیاوانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت و دیاری دەکرێت . لە هونراوەکانی قانع دیاردەی پیاو سالای ، دەوری پیاوانی ئاینی ، کولتوری جێ ماو لە مودڕنیزم ،و سکوتی بەردەوامی خودی ژنان بەشێوەیەکی لۆژیک و مەنتیقی باس دەکرێت . بێ کەتمان ماموستاکان و مەلاکانی خاوەن هیمەت و کەرامەتی بەرز، کە سەربەرزانە لە کۆمەڵگای کوردستان دەژین و پێگەی کۆمەڵایەتی بە نرخیان هەیە زۆرن و ، لە مافی گەلی کورد بەشێوەی جۆراوجۆر پشتیوانی دەکەن وبێگومان هەڵویستیان شیاوی ڕێز وئیحترام و قەدەردانیە . لە هۆنراوەکانی پەروینە کچ ،بۆ کچان ،شۆخی جوان ،ڕەشبەڵەک لە جەژنیی لادێ دا،ژیانی کچ ،مازوچنینی لادێ ،ژن مارەبڕینمان و هۆنراوەکانی دلْداری لادێ ، وتەی خەیاڵی لە گەڵ دار توو و دەمە تەقێی کە بۆ ئوپیراو شانۆگەری پوتانسیل و ناوەڕۆکی بەرز و گونجاویان هەیە ،بەخاتری پێگە و ستاتوسی مرۆڤدۆستانە بۆژنان تەرخان کراون .

لە شیعری مازو چنینی لادی ،گەنجینەی کولتوری پێشکەوتوو و دوور لە خورافاتی دینی ئاوا دەدەبڕێت .

تێکەڵ ئەبن کچ و کوڕ - بەچەشنی مێخەک و سمڵ

دەس ئەگرن بە تیکەڵاو - کچی شۆخ و کوڕی لاو

دووبارە چەشنی کەو باڕ – ئاژین ئەبن ، لە نزار

لە هۆنراوەی ژن مارە بڕینمان ، چڵە پۆپەی ئانتاگونیزم و بێ عەدالەتی و هەڵویستی سامناک بە نیسبەت کچانی بێکەسەوە ، وەک دۆخناسێکی کۆمەڵایەتی پسپۆڕانە لێک دەداتەوە .

وەختی ئامۆزا پارە ئەبینێ – ڕەحم و ئینسافی لە لا نامێنێ

ئەڵێ : ماموسا ، مارەی ببڕە - با ، دابمەرزێ ئەم دەڵە شرڕە

ئەمجا کچ ئەڵێ بەخوا شوو ناکەم – خۆم ئەخنکێنم ، قەت ئیزن نادەم

نەمکردووە و نایکەم ، ئەگەر لەت لەت بم – یاخۆ باڵ بەستەی گوریس و پەت بم

خەنجەر دەر دێنێ ، فیشەک تێ ئەخا – بە لوولە تفەنگ ، جار جار لێ ئەدا

بە زەجر و بەداخ ، بە خەنجەر لێدان – ئەیکێشی هەتا دینێتیە مەیدان

فیشەک گوللە کۆڵ ، ئەنێتە تفەنگ – مشتی بۆ ئەگرێ، بێ سەدا و بێ دەنگ

کچ هاوار ئەکا، ئەڵی: کاک مەلا – پەنام پێی هانیت ئەی مەردی خوا

مارە، ببڕی منەت بە گیانم – زۆر زۆر مەممنوونم ، بەندە فەرمانم

مەلا دەک کوێر بی ، بۆ زەهد و وەرعت – دەک پشتت شکێ بۆ ئیجرای شەرعەت

ژنانی کورد بە پێوەری سایکۆلۆژی و کۆمەلناسی ، لە بواری فەرهەنگی و کولتوری و لە بەستێنی ڕەدووکەوتن* ، ڕەشبەڵەک ، هەرەوزو گەل، نەبوونی عەبا و پەچە بە نیسبەتی دراوسێکانی وڵاتی کوردستان گەلێک پێشکەوتوون. لە هونراوەی وسیەت بۆ وریا ئەزمونی خۆی باس دەکات و ڕاسپاردەی بەنرخی بە وریا گوتوە :

نەشێخ ، نەسۆفی، نە کۆلکە مەلا بە – ئارەق بڕێژە ، ڕوو لە هیوا بە .

ڕۆڵە ! سەد دەخیل مەلایی مەکە – ئیشی چاو شۆڕی و ڕیسوایی مەکە .

درۆ و دەلەسەی خۆڕایی مەکە -- خۆت بە مەحکوومی ئاوایی مەکە .

ڕۆڵە ! نۆکەری بۆ ئاغا مەکە -- کڕنووش بۆ خانم ، بۆ کوێخا مەکە !

Feminism *

## ٨- سیستەمەکانی سانسور و زمانی زگماکی

سالوادور ئالیندە دەڵێت : مێژوو نە بەسکوت و نە بە خەیانەت ڕاناوەستێت ! نەتەوەی کورد قەرزداری هێچ دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیە ، تا سزاواری دیکتاتوری بێ شەرمانە بێت . تاوانێک لەمە گەورەتر و قورس تر کە بەنیسبەتی گەلی کوردەوە بەرێوە چووە ئەوەیە کە داگیرکاران کۆدەکان و سیستەمی بیر کردنەوەی تاکی کوردیان بە زمانەکانی تورکی ، عەرەبی و فارسی ڕێک خستوە و داڕشتوە . ئایا تاوان لەمە سامناک تر هەیە؟؟ شاعیران و ستران بێژان دوو فاکتوری سەرەکی بۆ پاراستنی زمانی کوردی بوون و هەن . دیوانی شاعیرەکان فێرکارن و لە هەمان کاتدا فێرخوازن . ئەگەر چی داگیرکاران بە چەک و شمشیری تاوان، کتێب و بەرهەمی فیکری نوێان داپاچی و داپڵۆسی و سانسوریان کرد ، بە هەموو چەکێ لەش کوژ و بیر کوژ و دەزگای داپلۆسێنەری کەم هاوتا و بیری ژەنگ هەڵگرتوو دژی زمانی کوردی شەڕیان کردووە ، بەڵام بەگەلە کۆمە و پیلانی سەدساڵەو هاوبەشیان هەر نەیانتوانی زمانی کوردی لە گۆڕ نین . هەوری سیاتاو ، نەیتوانی بەر بە خۆرەتاو بگرێت ! ئەمما زلهێزەکان لە گەلی کورد و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مێژوویی وەک پیادەکانی سەفحەی شەترنج کەڵکیان وەر گرتوە .قانع بە هەزاران کولە مەرگی بەرهەمەکانی کە سەرچاوەی مۆراڵ و وزە و توانستێکی بەهادارن ، لە میلیتاریزمی بەربڵاو، کوللە ، تەرزە ، سن و لافاوی دوژمن پاراستوە. ئەگەرچی سانسوری سیاتر لە سیا لە سەر چاپەمەنی و کتێبی کوردی لە وڵاتانی سوریا، تورکیا و ئێران داسەپابوو ، بەڵام دیوانەکانی قانع کە لەڕاستیداهزری پێشکەوتوون و تاریکی کون دەکەن و، بە ڕاستی لە چوار چێوەیەکی تەنگەبەردا قسەی نەکردووە ، هەمیشە خەمرەوێنی ڕۆژانی تال و تفتی جەماوەر بووە و هیوابەخش وباری دڵیانی سووک کردووە .

با بنووسم شیعری کوردی ، تاکو خەڵکی تێ بگات ،

شیعری کورد شیرین ترە ، تاشەکر و هەنگوین و نەبات .

## ٩-دەسەڵاتی مەزنی هونەری :

لە بەستێنی تێ هەڵکێش و پێنج خشتەکی و هۆنینەوەی شیعر لە گەڵ فایەق بێکەس ،ڕەشید سدقی،حافزی شیرازی،مفتی پێنجوێنی ،حەمدی ساحیب قەران،ئەحمەد موختار جاف ،فەریق و خاتو خورشید پسپۆڕانە ،کارناسانەو لێزانانە ، پێنج خشتەکی ڕازاندوەتەوە و دەسەڵاتی هۆنەری و ئەدیبانەی خۆی چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی نیشان داوە . شیعرێکی بێ نوختەی لە مەهابادەوە ساڵی ١٩٤٧ ی زاینی بۆ ڕێزدار فایەق بێکەسی ناردووە و مژدەی هەڵکردنی ئاڵای

کوردستانی پێ ڕاگەیاندووە . لەم شیعرەدا دەسەڵاتی مەزنی هونەری نیشان دەدات و هەموو وشەکان بێ نوقتەیە. پەیامەکەی لە ئاخرین دێڕی شیعرەکەدا ئاوا گوتوە :

کاکە ! ئەم ئاڵا مەرهەمی دەردە - مەرهەمی لاوی دڵ سڕ و سەردە

هەر کەس لە هەر لا وڕ و سەرسامە – ڕاکا ، ئەم ( ئاڵا ) کۆگای مەرامە !

لە شیعری تور، دیسان دەسەڵاتی هونەری دەنوێنێت .

بۆ نەجاتی هو هو هۆزم، لەلە باتی تتفەنگ ،
سسیواک و ڕڕڕیش و کەکەکەشکۆڵی شکاو.

کوکو کوردم ، ززوانم ، لەلەلاڵە ، تەتەواو،

نەنەزانی ، ممماڵی ، کککردم خخراو !

قانع لە هەڵبەستی ڕەشبەڵەکدا ،جەخت لە سەر یەکسانی ژن و پیاو و نرخ دانان بۆ کولتوری پێشکەوتووی کۆمەڵگا و دەوری پۆزیتیڤی ژەنیارەکان ، دەهۆل کوتەکان و زوڕنا ژەنەکان دەر دەخات و بەجوانی باسیان دەکات . وەک تابلویەکی ڕەنگین هەڵپەرکێ کوڕان و کچان نیشان دەدات . ئامانجی قانع زیندوو ڕاگرتنی کولتوری دەوڵەمەندی ڕەنجبەران بووە، کە بە ڕاشکاوی کارتێکەری دوواکەوتووانەی ئاین و ئاین زاکان لە سەر ئەم کولتورە بزر و گومە .

لە شیعری گۆرانی شیوەن، ئاوا پەیامەکە لە شێوازی ئامێرەکانی ژەندن: وەک چۆپی چەمەری ،مقامی وەی وەی ، تەموورە ( ئامێری سرودی یارسانەکان) و نەقارەپێشکەش دەکات .

شومشاڵ ژەن! شل کە پەنجە لە سەر نەی – چۆپی چەمەری مقامی وەی وەی

تەموورەی ناڵە و کەمانچەی گریان – دەهۆڵی حەسرەت ، عودی ئەلفوغان

سا بدەنە یەک ، بەزمێ نەقارە - ئارامتان نەبێ سوبح و ئێوارە .

قانع پسپۆڕانە و لێزانانە ، دیسکورس و خیتابەکانی بە زمانی ساکاری کوردی ڕاگەیاندووە و بیسەران و خوێنەرانی قانع شارۆمەندانی هەژار و فەقیری کوردستانن کە ئاستی خویندنی بالآیان نیە و زۆربەی هەر زۆری شارۆمەندان لە شیعرەکانی تێدەگەن و پێویستی بە لێکدانەوەی دژوار و سەخت نیە . ئەو جۆرە کە ڕێزدار" نالی " لەمژارەکانی تیباق، تەناسوب ، تەشابەهی ئەتراف ، تەورییە، حوسنی تەعلیل ، موبالغە، تەشبیهی مەقلووب ، لەف و نەشر و جۆرەکانی جیناس و

تەلمیح کەڵکی وەر گرتوە ، قانع لە ئاخاوتن وزمانی زۆرینەی جەماوەر وهەڵبەستەکانی بۆ زۆربەی هەر زۆری جەماوەرە گوتوە و لەم پێڤاژەیەدا فرە سەرکەوتوو بووە و ئامانجەکانی پێکاوە . ئەگەر چی قانع شارەزا و زمانەوان بووە،بەڵام لەو دیاردانە کە نالی لە هۆنراوەکانی دایڕشتوە تا ڕادەیەک خۆی پاراستوە. هۆنراوەکانی قانع دەردی دڵی مرۆڤ باس دەکات و بۆ دڵی پەشێو ، هێلاک و ماندوو هەتوانن .

سێ شتن لەم دەورەدا ، هێچ شۆرەت و ناویان نیە ،

عەیبی دەوڵەمەند و شیعری قانع و مەرگی هەژار،

سێ نەخۆشی کەوتە دنیا ، هیچ دەواو چاریان نیە ،

کیبر یەک ، بەرتیل دوو ، سێ موخلیسی پارە و دینار .

## ١٠-سروشت وژینگە ی کوردستان :

قانع، دەستی بۆ کاری گەورە بردووە و تەنانەت سەبارەت بە چوار کەژی ساڵ ، گۆمی زریوار ( زرێبار )، شاخی هەورامان، وەر چەرخانی کەش و هەوا، ڕوانگە و هەڵویستی دڵگیر و جەماوەر پەسەندی هەیە . لە ئاستێکدا سروشت و ژینگەی کوردستان نرخی تایبەتی هەبووە کە وەک هێمایەک لە بەستێنی ناوی هەرێمەکانی کوردستان ، بژاردەی ئاوارتەی کردووە و ، لێوەشاوە ، پسپۆڕانە و لێزانانە ناوی کتێبەکانی لە ژینگە جوان و دڵڕفێنەکانی کوردستان وەر گرتوە . نمونە شاخی هەورامان ، گوڵاڵەی مەریوان ، چوار باخی پێنجوێن ، دەشتی گەرمیان و باغجەی کوردستان .کتێبەکانی وەک سێوی مێخەک ڕێژ ، قەشەنگ و بۆن خۆشن . چاوی شۆخ و شەنگی ، وەک ڕەمزی جوانی لە شیعری مەریوانم ئاوا شارەزایانە دەر بریوە .

لە ناو ئەو دەشتەدا، گۆلی زرێبار – نمونەی چاوی لەیلی عاشقانە !*

وشەکانی شاخ ، گوڵاڵە ، باخ ،دەشت و زرێبار بژاردەیەکی ساکارانە نیە ، بەڵکوو لەو بژاردەیە ، ژینگە و ئیکۆسیستمی وڵات بۆ خوێنەرانی کوردستان شی دەکاتەوە کە هەر هەرێم و دەڤەرێکی کوردستان ژینگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە . لە چەند هۆنراوەدا ،دەسەڵاتی هونەری قانع سیحر ئاویە و وەک ئۆپیرایەکی ساکار ، نرخی بەرزیان هەیە کە بێ شک بۆ شانۆگەری چاکن و بیگومان بینەران جیژی لێ وەر دەگرن . شیعرەکانی لە سەر لیریکای سروشت و ناسک وێژی و، باسی چوار

وەرزی ساڵ دەکات . لەم دوو بەیتەدا ، ئاماژەیەکی دڵگیر و دڵڕفێن بە بناری کوێستان و ڕووبارێک بەم جۆرە دەکات .

گردەڵان* هاژەی سەیلی دیارە – هەمووی لە هیمەت سەخای بەهارە ،

قەلەبەرد* ، بی دەرد هەڵئەدا بەیداخ -- کۆنە هەوارگەی یاری پڕ دەماخ !

## ١١-عیلم و زانست و دەربازبوون لە دوواکەوتوویی :

ئایا بە پێی پێوانەکانی ئابوری ، سیاسی وکۆمەڵناسی بێ دەولەتی ، نیشانەیەک لە دوواکەوتووی و تراژدیەکی سامناک نیە ؟

قانع نەفرەتی لە شەوەزەنگ و تاریکی کرد و ،چرایەکی داگیرساند و سەلماندی خامە و قەڵەم لە تانک و تۆپ بەهێزترە . قانع هەرگیز لە گەڵ درۆ و دراو نەبووە و ، باوڕێکی نەلەقیوی بە عیلم و زانست هەبووە.قانع خاوەن باوڕێکی پتەو و وزەیەکی بەرز بووە و دژی خۆ نزم بێنینی تاکی کورد بووە . شیعرەکانی قانع شارۆیەک لە باخچەی ئەدەبی ڕیالیستیە و لە هەویرێکی تایبەت شێلراون ، کە جار و بار غەزەلن ولە شیعری لیرکی کورت دەچن . غەزەلەکانی ئاوینەیەکی باڵا ڕوان وتیشکاوێژی بارودۆخی کۆمەڵگان ، کە بە زمانێکی تەوساوییەوە ژان بڕ و ژان شکێنە ، کە لەسەر کۆبیری جەماوەری کارتێکەری پۆزیتیڤی بەرزی هەبووە . قانع دژی هەر دوو سیستەمی فیئودالی و سەرمایەداری بووە . لە هەندی لە شیعرەکانی دیاردەی ئافۆریزم ، کە هەڵویستێکی پڕ لە بیرمەندی و کورتە،بەرچاو دەکەویت . خامە هەمیشە چەکی بێ فیشەک وگرانبەهای قانع بووە و وەک ئامێرێکی کارتێکەر و ئاڵ و گۆڕ پێک هێنەری مێشکە نە جوڵاو و دوگمەکانی جەماوەر ، دەوری بینیوە وقەڵەمی لە سەر تێنوس داناوە . لە سەنگەری خامە و بەچەکی هۆنراوە لە گەڵ سیستمە داڕزیو و پورتوکاوەکانی حاکمانی داگیرکاری کوردستان ، نەزانین ، و چەقبەستووی بیر و فیکری جەماوەر شەری بێ سنووری کردووە . لە کردەوەشدا نرخی هەموو ئەم بەرخودان و بەرهەڵستکاریانەی خۆی بە تاقی تەنیا داوە . و لە بری خەباتە بێ وچانەکەی بە رەو ڕووی دوورخستنەوە ،کۆچ ، زیندان ، سانسوری چۆڕاوەی هزر و بیری ، دەربەدەری و سوکایەتی و ئیهانەت بووە . لە ڕوانگەی قانع بەرپرسانی حکومەتی هەرزە وێژانی شۆقار و دەهۆڵ کوتن ، کە شیاوی تف بارانن وئەوان لە بار ودۆخی وەستاو پشتیوانی دەکەن . لە هۆنراوەکانی " لە گەڵ زانین " ، "لە گەڵ قەڵەم " و " خوێندن " بێ پەروا هەڵویست دەگرێت و رێنوێنیەکانی پێشکەش دەکات. خوێندن لە حوجرەکانی مزگەوت بۆ کاراکتری قانع زۆر

تەنگەبەر و سنووردار و شێوەیەکی کلاسیک و سوننەتی و کات بەسەر چووی هەبووە ، بۆیە خێرا ئەو دیاردە و داب و نەریتە کۆنە ی جێ هیشت و تەنانەت ، جل و بەرگی مەلایی پەسەند نەکرد و لەو پرۆسەیەدا بیزاری و نەفرەتی خۆی بە دەیان شێوە دەربڕیوە .

ڕۆڵە ! لافی فیلەسووفی لێ نەدەی هەرگیز بەدەم ،

نۆکەری هەرگیز نەکەی ، بۆ حاکمی ڕۆم و عەجەم .

رۆڵەکەم ! خوێندن بخوێنە مەکتەبە دەرمانی کورد ،

تێگەیشتن مەرهەمە ، بۆ زامی بێ سامانی کورد .

کوردینە ، ئیتر خزمەتی ئەغیار هەتا کەی ؟
شوێن کەوتنی بێگانەیی خونخوار هەتا کەی؟

دڵپاکی لە گەڵ عەقرەبی چز دار ، هەتاکەی؟

هەڵگرتن و ماچکردنی ڕەشمار، هەتا کەی ؟

## ١٢-ئاشتی خواز و بێزار لە ناکۆکی و شەڕ

لە غەزەلی هاواری دایک بە ورەی بەرز و هەڵویستی بوێرانە قانع دژی دەسەڵاتی دولار ، ناکۆکیەکان و شەڕی خوێناویە . و بە شێوەیەکی شیاو و ناسک وێژی لە لایەن دایکانەوە ، کۆمەڵگا بەرەو سولح و ئاشتی هان دەدا .

ئێمە نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ ئەکێشین – بەسەد ناڵە و دەرد ، بە سەد نەخۆشین

کوڕ پەیدا ئەکەین ، بەهەزار کێشە – بەو ناڵە ناڵەو ، بەو دەرد و ئێشە

گوللە تۆپ بدا، لە پەڕەی دڵی - کام دڵ ؟ ئەو دڵەی وەک پەڕەی گوڵی !

چاوی نازاری پڕ بێ لە خوێناو – باڵەتەپێ کا ، وەک کەوی کوژراو

نامەوێ کوڕم چاو بکا لە کەس – خەڵقم بۆ بگرێ و بیکا بە ژێردەس

نامەوێ کوڕم بۆ بکەن بە پەن - فێری کوشتاری ناو فرۆکەی کەن

فەقیر و هەژار بۆمباردمان کا - یا خود پیادە بێ و خەڵکی تالان کا

هەی داد هەی بێداد، ئەی ئەهلی ویژدان- ئەمە کام دینە و ، ئەمەکام ئیمان

من کوڕ بەخێو کەم بە دڵێک تەنگ – بە زۆر ڕای کێشن بۆ مەیدانی جەنگ !!

بۆ سوودی مەردوم ، سەری ببڕن –  بە نووکی نێزە  زکی  هەڵدڕن

بێکەن بە قوربان ، بۆ کۆشک و تەلار -  بێکەن بە فیدایی سنووقی دۆلار

دایکان پڕ بە دەم خۆتان، هاوار کەن یەکدەنگ - بڵێن کوڕ خۆمان نانێرین بۆ جەنگ

ئیبر هەر بژی ئاسایش خواهان  -  بژی ئاسایش لە هەموو جیهان !

## ١٣- پولیمیک و ناکۆکیەکانی چێن و توێژەکانی کۆمەڵگا

لە هۆنراوی لادێی و بزن فرۆش ، قانع نوکی تیژی خامەکەی لە سینگی سیستەمی درۆ و دەلەسە و ڕەوتی هەڵبژاردن دەکا، کە چۆن جەماوەری خەڵک بە هات و هاوار و پڕوپاگاندە دەخڵەتێنن . پولیمیکی ڕەنجبەری گوند و کوڕێکی شاری کە لەم هۆنراوە ڕوانگەی بیر کردنەوەی دووچینی جیاوازی  وردە بورژوا و ڕ ەنجدەر  نیشان دەدات ، زۆر دڵڕفین و جوانە.

شاری : خەریکن ڕەیی ئەدەن بۆ نوێنەر -  تۆیش برۆ ڕەئیت بخەرە دەفتەر

ڕەنجبەر : من هەموو ڕۆژێک دێم بۆ بازاڕ – بۆ ڕەئیم نەدی لای حاجی و توجار ؟

ئاخۆ بە مەترە یا بە کێشانە ؟  ئاخۆ بەرتەسکە  یا بەر پانە؟
بەدەستە ئەیدەن یا خۆ بەدانە ؟  نرخی گرانە  یا خۆ هەرزانە ؟

شاری : ڕەئی بۆ پیاوی ( مندوب ) دانراوە – لە وولاتێ یەکێ دیاری کراوە

( مندوب ) یەکێکە ئەچێتە بەغدا –  بۆ ناتەواوی هەولْمان بۆ ئەدا

ئەمان پارێزی چون حەقدارمانە – لە خۆمان چاتر ئەو خەمخوارمانە

گوندی: ئەر مەندوب هەیە ، بۆ دەسەی زۆردار ؟ هەر ڕۆژ نەڕۆژێ ئەم بەن بۆ بێگار

ئەر مەندوب هەیە و غیرەت ئەنوێنێ ؟  ئاغا جەریمەم بۆ لێ ئەسێنێ ؟

نە ڕەئیم هەیە و نە مەندوبم ئەوێ –  بزنم لە مەندوب زۆر خۆشتر ئەوێ !

پولیمیکی کۆلکە شێخیک و مەلەوانێک ، کە پەردە لەسەر فرو فێڵی کۆڵکەشێخ لادەبا و وەک مرۆڤێکی مێش بەردینی کۆمەڵگا ،کە کاڵ فامان ئەخڵەتێنێت ،لە شێواز وفورمی ئاڵ و گوڕێ فیکری دوو هاوسەفەر وەک شانۆگەری سادە نیشان دەدات ،

شێخ : من زگی ژنی نەزۆک پڕ ئەکەم – بەدەعا مار و دووپشک قڕ ئەکەم

خێوی سەرکانی و جنۆکەی هەردان –هاڵی ناو زگ ژن ، شەوەی منالاَن

بە کورتی یاشێخ لە گەڵ مەلەوان – ڕۆین گەیشتنە ئاوی فراوان

مەلەوان :کابرا کە زانی یاشێخ ترساوە – لە ترس ئاوەکە ، هۆشی نەماوە

وتی: یاشێخ گیان کوانێ نوشتەکەت ؟کوا جنۆکە کوژ و توشووی پشتەکەت ؟

بەدوعا و نوشتە و حیلەی ناو دەفتەر –دەی خۆت نەجات دە، لە گێژی خەتەر !

## ١٤- ژیان و بەسەرهات لە گوزەر وتێپەڕ بوونی مێژوودا :

کورڕنۆلۆژیای ژیانی قانع، قۆناخ قۆناخە ولەگەڵ شاخ و باخی وڵات ژیاوە و بۆیە هیژمونی کۆمەڵایەتی بەرزی هەبوە . سیمای ڕئووف ، دلۆڤان و ئومانیستی قانع لە تاسەخانەی دڵی مرۆڤ ، جێگای تایبەتی خۆی هەیە . قانع هەرگیز قازانج ویست و پلە خواز نەبووە ،مرۆڤێکی مەزن ، زانا و خۆش بێژ ، خۆ نەویست ،نەفس بەرز ،دۆخناس، زانایەکی خاکەڕا و بێ فێز بووە . بە ڕاشکاوی و ئاشکرا باسی هەستیار ترین و ورد ترین پەیوەندیە سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی کۆمەڵانی کرێکار ورەنجدەر و جەماوەری خەڵک و سیستمە هارەکان و ئامێرەکانی ئەو سیستەمانەی کردووە . رەنج و مەینەتی کرێکاران ورەنجدەرانی کوردستانی بەشێوەیەکی لۆژیک و شارەزایانە باس کردووە . دیاردەی ئانتاگۆنیزم و ئیختلاف نێوان کرێکاران و ڕەنجدەران و تەوەزلەکان ورەنج نەدەرانی شی کردوەتەوە . قانع خاوەنی سامانی گوێزراو و نەگوێزراو نەبووە ،بەڵام تائاستێکی بەردڵگر خاوەنی ستاتوس و پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە. خامەکەی قانع تا ئەوڕۆژەی ژیا ، هەرگیز و هەرگیز لە گۆ نەکەوت . بەچەکی خامە دژی ناکۆکی چینەکانی نێو کۆمەڵگا وشوینیزمی پاوان خواز و ڕەگەزپەرەست کە وەک گورگی هاردەیان لوراند ، هۆنراوەی هۆنیوەتەوە . قانع لە هەرێمی سلێمانی و بناری شارەزوور و گوندی "ڕیشێن " چاوی بەژین پشکوتوە . هەر لە دەورانی منداڵی باوک و دایکی نەماون . لە ئاوایی چۆڕی ناوچەی مەریوان ولە حوجرە بە شێوە ومیتودی کۆن و کلاسیک دەرسی خوێندووە . بۆ ناسینی کۆمەڵگای کوردستان ، هەموو ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە ولە بواری کۆمەڵناسی ئەزمون و شارەزایی دڵگیری بەدەس هێناوە .بەتایبەت بەمەبەستی فێر بوونی زانست و دەرسی ئاینی لە شارەکانی: هەولێر ،شنۆ، مەهاباد ،سلێمانی ، مەریوان، کەرکووک ،سنە، کۆیە و گوندەکانی مەریوان

وەک : سێف ، نی و چۆر ژیاوە . تان و پۆی ژیانی فرە سەخت و دژوار و پڕ لە کارەسات و رەنجی نەپێوراو و تاڵاوی ژیان بووە و وەک: ئاشەوان ، ماموستا، کرێکار ، وردەواڵە فرۆش ،باخەوان و کاتب کاری کردووە . ساڵی ١٩٦٥ و لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا لە ناوچەی شللێر و پارێزگای پێنجوین و لە گوندی "لەنگەدێ" کۆچی کردووە و نێژراوە و سەری بەرزی نایەوە . بۆ ڕێز گرتن لە بیر و هزری بەرز ،عەدالەتخوازانەو ،شۆڕشگێڕانە و هەڵویستە بە نرخەکانی ماموستا قانع پێویستە کە زانستگاکانی پێنجوین و مەریوان بە ناوی شاعیری ڕەنجدەران و هەژارانی کوردستان ماموستا قانع ناو نرێن.

.............................................................................

ڕوونکردنەوەی پێویست :

١-ژنین ، ژاوەرۆ، ژریژە و ژیوار ناوی هەرێم و گوندە دڵڕفین و سیحرئاویەکانی هەورامانن کە لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتون .

٢-گۆڤاری گەلاوێژ: سەر نوسەری ئێبراهیم ئەحمەد بووە ، کە ناوەرۆکی بەرز و وتارگەلی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ڕوانگەی بیر جیاوازانی بڵاو کردوەتەوە و لە نێو خوێنەرانی بەشی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان پێگەی بەربڵاو وفراوانی بووە .

٣-میان دووئاو : بەگشتی شارێکی دوو نەتەوییە ،کە کورد و تورک ساڵیانی ساڵە بەشێوە ڕێزگرتنی دوولایە پێکەوە لەو شارە دەژین . گوندکانی دەور و بەری میاندووئاو ، هەمووکوردنشینن . ڕەزا شا بۆ دابەش کردن و لەت لەت کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر وەک حیزبی سوپر سوسیالیستی بەعسی عێراق و سوریا و کمالیستەکانی تورکیا، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ، لەت لەت کردووە و بە تانک و تۆپ بە هەرێمە فارس و تورک نشینەکانەوە تەقەڵی داوە و دوراندوویەتەوە . یانی بیری شوینیستیان زۆر فێلبازانە و بە پلان و پلاتفورمی دیکتاتور ئاسا ، داڕشتوە و ، نفوس و شارەکان و دێهاتی کوردستانیان لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی شوینیزمی تۆخی ئێرانی ، عەرەبی و تورکی ئاسیمیلە کردووە . لەم ڕێگاوە زمانی کوردی و فەرهەنگ و کولتور، مێژوو ، دیموگرافی، هونەر و پێک هاتەی کۆمەڵایەتی کوردیان وێران، کامباخ و تێک داوە. پێ دەچێت لە داهاتوودا، لە پێناو ئامانجی شوینیستی خۆیان غەیرە کورد بۆ شارەکوردنشینەکان کۆچ دەن و ئێتر بیگومان زۆرینەی نفوسی شارەکان کورد نامێنێت و نابێت . نموونە : کەرکووک، سنە، ئامێد و قامیشلۆ.

٤- گۆمی زریوار ( زرێبار ) لە نزیک شاری مەریوان هەلکەوتوە. ئاوەکەی لە سەرچاوەی کانیاوە کانی ژێر زەوی و لە نێو گۆمەکە هەڵدەقوڵێت ودابین و دەستە بەر دەبێت. ئاوی زرێبار جگە لە ئاوی وەرزی بارین و بەفری زستان و ئاوەڕۆکانی دیهاتی دەور و بەر و شاری مەریوان ، تەنیا هی کانیاوەکانی بنی زرێوارە . جەناب مەولەوی شاعیری پایە بەرزی کورد لە دەورانی ڕینسانس یانی سێ سەد ساڵ لە مەو پێش ، لە دیوانەکەی زرێواری نوسیوە ، بەڵام شارۆمەندانی مەریوان وشەی زرێبار بە کار دەێنن ، کە هەر دوو وشەکە ، یانی زرێبار و زرێوار هامانان .

٥-ساواک: کورت کراوەی چەند وشەی فارسیە ،( سازمان امنیت واطلاعات کشور ) کە پیتی هەوەلی وشەکان یانی – س، ا ، و ا، ک - بەیەکەوە لیکێندراوە و وشەی ساواک ی لێ دروست بووە.

تەرجومەی وشە فارسیەکان ئاوایە . ڕێکخراوی ئەمنیەت وزانیاریەکانی وڵات .

٦-گردەڵان : ناوی ڕووباریکە ، کە لە نزیک گوندەکانی چۆڕ ، نەنە ، ئاڵمانە و هەڵوژان تێپەر دەبێت و بەرەو سیروان پێچ و شاخ و دۆڵ و کێو دەبڕێت و پاشان تێکەڵ بە سیروانی خەمگین دەبێت .

٧- قەلەبەرد : کویستانێکی بەرزی هەوار نشین بووە کە لە ڕۆژهەڵاتی گوندەکانی ئاڵمانە و چۆڕ هەڵکەوتووە . شاعیری پایە بەرزی کورد ڕێزدار شێرکۆ بێکەس لە هۆنراوەیەکی سەبارەت بە گۆڕستانی تاڵە سواری ئاڵمانە ، ئاماژە بە شاخی قەلەبەرد دەکات و ، حێکایەتی مەرگەساتی گوندێک ، وڵاتێک و تراژیدیەکانی بنەماڵەیەک دەگێڕیتەوە . قەلەبەرد و تاڵەسوار ڕازهەڵگری تراژیدیەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردن .

٨-ڕەدووکەوتن : شێوەیەک لە تاکتیکی ژنان بۆ ڕزگاری لە سیستەمی پیاوسالاری بووە و، ڕەنگە مەزن ترین سەرکێشی و بەرەنگار بونەوە و بوێری ژنان و کچانی کورد لە مێژوودا بووە . لە کۆمەڵگا ئەم ساتیر وتەنزە جێ خۆی کردوەتەوە . ئەگەر بەرهەمی خواز بینی کچ ، دژایەتی ونەدان بێت، بۆ ڕەفاندن( ڕەدووکەوتن ) دەرمان نەبێت !

٩- گوندی ئاڵمانە : لە سنووری نێوان هەورامان و مەریوان هەڵکەتوە . کوێستانەکانی سیمای شاخ و داخی هەورامان و دیالکتی کۆنی دانێشتوانی هەورامی بووە، بەڵام ئیستا دیالکتی زال و جێ کەوتوو سورانیە . سەوزەڵانی و دار و دەوەن و دارستانی لە جێوگرافیای مەریوان دەچێت . لە کاتی میرات بەش کردنی

سەروەت و سامانی "مستەفا سان" لە نێوان کوڕەکانی کە لە ئاوایی کەڕئاوا کراوە ، ئاوییەکانی ناو و ئاڵمانە بە فەرج اللە بەگ دراوە کە لە ئاڵمانە نیشتە جێ بووە .

.......................................

بۆ کەڵک وەر گرتن وزانیاری زۆر تر ، کوردی:

١-ژیان و شیعرەکانی قانع ، بورهان قانع ، چاپ دووهەم ، ناشر کتاب فروشی محمدی سقز ساڵی ١٣٦٨

٢-زمان ، ئەدەب و ناسنامە – دوکتور هاشم ئەحمەد زادە ، چاپی یەکەم، کتاب هەرزان سوید ٢٠١١

٣-هەرچی هەیە ڕاڤەیە ، دوکتور هاشم ئەحمەد زادە چاپی یەکەم ١٣٩٩ ، چاپخانەی گوتار سەقز

٤-ڕەوتی خوداناسی لە مێژوودا ، دوکتور حسین خەلیقی ، چاپی یەکەم سوید ٢٠٢١

٥-زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا ، دوکتور فەرهاد شاکەلی چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕەنج سلێمانی ساڵی ٢٠٠٩

٦- دیوانەکانی بەڕێزان : مەولەوی ، ناری ( کاکە حەمەی بێلوو ) ، گۆران ، پیرە مێرد ،هێمن ، هەژار ،شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، شێرکۆ بێکەس

٧-نیشتمان ، بڵاو کەرەوەی بیری کۆمەڵەی ژ – ک ئامادە کردنی عەلی کەریمی

فارسی:

١- نگاهی گذرا بە تاریخ و فلسفەی یارسان ، دوکتور گولمراد مرادی ، چاپ اول ١٩٩٩ سوید ، کتاب فروشی ارزان

٢- جنگ و زن ، تالیف و ترجمە جلال سیادت . چاپ دوم ٢٠١٩ چاپخانەی ایوان گرافیک اپسالا- سوید

٣- شقایق ها بر سنگلاخ ، زندگی و زمانەی یک زن کرد از کردستان ایران ، نویسندە گلرخ قبادی،چاپ اول ٢٠١٥

٤-راهی کەتاریخ پیمود . رشاد - مصطفی سلطانی ،چاپخانەی نینا ، اپسالا - سوید ،سالی ٢٠١٧ میلادی

بەدڵنیایەوە ، ئەم وتارە هەرگیز ناتوانی شەخسیەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی جەناب ماموستا قانع ئەو جۆرەی کە شیاوی بەڕیزیانە ، لە هەموو گۆشەنیگایەکەوە باس بکات . جا لە خوێنەران و شارەزایان تکا دەکەم ، هەڵویست و بیر و ڕای خۆیان بەمەبەستی تەکمیلی وتارەکە ، بە لە بەرچاو گرتنی پڕنسیبەکانی ماسمێدیا و ڕۆژنامەگەری بنوسن ، کە راستەو خۆ بە حەقیقەت و من یارمەتیان داوە و سپاسبژێر و فرەڕێز و قەدریان دەگرم .        کۆتایی